# شێتی جوانترین وێنەیە



**ئەمەوێ شێت بم**

**بە دیار هەموو ساتە**

**پوچەکانی زەمەنەوە پێبکەنم**

**بۆ ئەو ساتانەش بگریم**

**کە باسی نغرۆ بوونی**

**زەمەنت بۆ دەکردم**

**منیش بە ترسەوە**

**گوێم دەگرت‌و قسەم دەکرد**

**تەنها خواش ئاگادار بوو ... .**

**من نامەوێ هەڵ بێم .. نەخێر نامەوێ**

**بەڵام .. ! !**

**ترس راوم دەنێ**

**ئەمەوێ شێت بم**

**تا بە ئارەزووی خۆم**

**قسەت بۆ بکەم**

**هەرچی لە ناخمدایە هەڵی کۆڵم**

**ئەوسا دەڵێن شێتەو قەینا .. !**

**ئەمەوێ سەرجەم**

**سەگ‌و گورگ‌و مەلاو سۆفییەکان بسوتێنم**

**ئیتر بێترس**

**روو لە قیبلە دەکەم‌و دور لە غەدر**

**نوێژ دەکەم‌و**

**رووبەرووی خوا دەبمەوە**

*　　*　　*

**ئێوارەیەو لە جێی من**

**زەمەن شێت بووە**

بینیم تەرمی سەدەها گەلاو

سەدەهاش لە هەناسە برکەی مەرگا

بەسەر شەقامە بێ وەفاکانەوە

(با) ش بە غەزەبەوە ئەم سەرو ئەوسەری

پێدەکردن

بارانیش بە پرتاو

لانەی ئەو چۆلەکە بەستەزمانەی

تێك دەدا کە سێبەری ژوانی

دوو عاشق بوو

بەلام.. !

زەمەن شتێکی دڵرەق بوو

من نامەوێ بەو جۆرە

شێت بم

*        *        *

لە ئێستای شەوە زەنگەوە

باوەش بۆ بەرەبەیان دەکەمەوە

بەتۆش دەڵێم باوەش بکەوە

لە پرێکا خۆر لە نێو

دەستەکانماندا هەڵدێت

ئێستاش شیوەنێك بۆ رابردوو بکەو

مۆمێك بەدیار

ناکامیەکانمانەوە داگیرسێنە

گوڵێك بۆ ئێستا بچێنەو

هەموو پەنجەرەکان دابخە لە (با)

سلاوێك لەو سواڵکەرە بکەو

سەرجەم هێلانە پەرەسیلکەکانی

ژوورەکەت بروخێنە

ئیدی لێرەوە

بەکۆلانەکانی عەشقدا

**برِۆو قومێك ئاو**

**بەگەرویدا بكە**

**هەرچی عەترە لەوێدا بیپرژێنە**

**منیش باخچەیەك دروست دەكەم**

**بەڵام دەبێت**

**تۆ گوڵەكانی بچێنی**

**ئەوكات جوانترین وێنە**

**شێتیە ... .. !!**

**ئارام رەمەزان**
23\11\2004
asalaie@yahoo.com